# ستوونی ڕۆژنامەنووسی نیهاد جامی

نیهاد جامی

ئەو ووتارەی لێرەدا بلاو دەبێتەوە لەبنەڕەتدا کۆمەڵێك ستونی ڕۆژنامەنوسیە کە لەڕۆژنامەکانی ناو کوردستان بلاو بۆتەوە، ئەو دەمانەی شەڕ یەخەی هەموو کۆمەڵگای گرتبۆوە گومان نەیدەهێشت کەسمان جوانیەکان ببینین، جیاوازی ئەو ستونانە لەگەڵ ستونی ئەو هاوڕێیانەی وەك من دەیانوسی تەنها یەك شتە ئەوان دەیانویست بڵێن شەڕەکان پێویستن دەبێت پرۆژەی گومانمان لەهاوڕێکانمان هەبێت ئەوساو ئێستاش من بڕوام وایە کەلەبڕی ئەو گومانە دەکرێت ستایشی عەشق و خۆشەویستی و جوانی بکەین نەوەك ڕق لەناو خۆمان بچێنین، بەدڵنیاییەوە کاتێ حزبی کوردی پێویستی بەوان نامێنێت ئەو هاوڕێیانەش ئێستا دەیانەوێ بێنە سەر ڕەزمێکی تر بەلاّم سەنگەری ستونی شەڕەکانی حزب دۆڕاو سەنگەری عەشق و میحرابی یار بردیەوە، هەناسەکەم با ئەمەش بۆتۆ بێت تاحزب تێبگات تۆ چەند لەوان گەورەتری

## پەنجەکانی یار

بیرکردنەوە لەپەنجەکانی دەست یەکێکە لەبێ ماناترین کارێك کەخۆمانی پێوە خەریك بکەین, بەلاّم ئەگەر ویستمان ئەوەبێنینە بیر خۆمان کەلەروژێکدا تەوقە لەگەڵ چەند کچ دەکەین, لەوساتەدا بیرلەبەر یەکەوتنی پەنجەکانمان بکەینەوەلەگەڵ پەنجەی ناسك وبۆیە کراوی ئەو کچانە هەموویان ڕەنگە شتێکی ئەوتۆمان لابەجێ نەهێلێت کەدواتر بیری لێ بکەینەوە, بەلاّم ئەگەر لەناوئەوکچانەدا یەکێك لەوان ئەو کەسە بێت کەخۆشت بوێت, ئەو ساتە تاکە هەستێك کەلات جێبمێنێ تەنیا پەنجەکانی ئەوە, ئەوساتەی کەپەنجەکانی لەناو دەستیتۆدا بۆچەند ساتێك دەمێننەوەو دەتەوێ زیندانێکی ئەبەدی بۆدروست بکەی, بەو ئومێدەی تائەبەد ئەو پەنجانە لەتۆدا جیانەبنەوە, تامەزرۆییەك لەهەردولادا هەیە ئەویش مانەوەی هەمیشەیی پەنجەکانە, کەتوانای دژایەتی کردنی هەمووئەو هێزانەی هەیە کەلەدەرەوەی ئەو پەیوەندیە پاڵەپەستۆدەخەنە سەر ژیان, بێئاگا لە دەوروبەر دەتەوی بڵێیت((تا دەرفەتێکی ترباپەنجەکانت بە ئەمانەت لەناو دەستم بمێننەوە)) ئەوهێزەچییە وامان لێدەکات، لەوئاوێتە بوونە ڕقیان لە جیابوونەوە بێت, ئایا پەیوەندیی بەو ترس ودڵە ڕاوکەیە هەیەکەلەزهنی ئێمەدا هەیە؟ یاخود پەیوەندیی بەو لێك نزیکبوونەوەو هەستکردنە بەو عەترەی کەیار ڕژاندویەتیە سەر سینەو نێوان مەمك ولەسەر بلوزو قەمسەلەکەشی دۆست شێت دەکات؟ هەڵبەت بۆ من وەلاّمدانەوەی پرسیارو گومانی وا جگە لەبێ ئەدەبیەکی گەورەشتێکی تر نییە, کێ لە موعجیزەی پەنجەکانی یار تێدەگات, ئەگەر تێشی گەیشتین هەڵەیەکی گەورەیە پێمان وابێت ئەو تێگەیشتنە بۆ یاری یەکێکی تریش ڕاست بێت, بۆیە لەو تێڕوانینەدا گەوجیە واتێبگەین تاکە حەقیقەتێك بوونی هەیە, حەقیقەتی یار حەقیقەتێکی فرەییە, چونکە لەناو ماڵی هەر عەشقێکدا ئەفسوون و نهێنی جیاواز خۆی حەشار داوە, نهێنیەك تەنیا لەنزیکبوونەوە لە یار هەستی پێ دەکەین ودەکرێ لەوساتەدا شاعیرانە کاتێ لەچاوە سیحراویەکانی ڕادەمێنین بە گوێیەکانیدا بچرپێنین" کەتەمی گومان وئایندەیەکی نادیار لەنێوان ئەو عەشقەمان وەستاوە ورۆژ بەرۆژ خۆمان لەگەڵ خۆماندا کاڵدەبینەوە, تکایە بەرلەوەی لای یەکتریش گومانی

دەمامکەکان کاڵمان بکاتەوە وعەشق تەواو کاڵبێتەوە.. بـا پەنجـەکانت پـۆ چـەند سـەعاتێك لـەنێو دەسـتە لەرزۆکەکانمدا بمێننەوە"

هەرِەشە ناکەم..هاورِێیان
بەڵام جانتاکەم دەکەمەوە شان

کاتێ سەفەرکردن لە شارێك بۆ شارێکی تر دەبێت بە تلیاك وتوانـای ئـەوەمان نابێـت تاسـەر لـە شـارێکدا بمێنینەوە, ئەو ساتە هەست بەوە دەکەین کە رِۆحێك لە ناومان دایە و جلەوکردنی ئەو رِۆحە لە توانای هـیچ خودێك نییە تەنیا ئەو کاتەی هەستمان بە هێزی ئەو رِۆحە کرد کە لە نێوماندایە بۆیە ئەو کاتـەی نـاتوانین وەلآمی هاورِێکانمان بدەینەوە کە بۆچی هەروەرزەی شارێك وخەونێك دەبێ بە سەرەتای دەسـت پێکردنـەوەکانی بوون, ئەوەیان ئێمە نیین بەڵکو قەدەری ئەو هەستەیە کە بۆ نیگایـەکی ئەفسـوناوی رِامـان دەکێشـێت, ئـەو کاتەی تەنیاش دەبینەوە ئاخۆ دەبێ چ ئومێدێك لەوە گەورەتر بێت کە بیر لە سەرەتایەکی تـر بکەینـەوە, هـەر بۆیە کە لە ئێستادا بیر لەوە دەکەمەوە دەبێت لێرەش نەمێنمەوە , ئەو کاتەی هاورِێکانم وا دەردەخەن کە ئەوان لەو سەفەرە هەمیشەییەی من تێناگەن, ئەوان ناتوانن لەو رِاستیە تێبگەن کە ئـەزمونی هەڤـدە سـاڵەی ژن بەقەد ژانی ئەو کچە قژخورماییە گەورە نەبوو, ئەوەتە ئەوان وا تێدەگەن ئەو ژانە هەفتەیەك نابـات وشـکانی دڵ سارێژ دەبێت ئەوان نامبینن سەراپای جەستەم بەو دڵشکانە نوقمی خوێنە ئەوەتـە سـینە و پەنجـەکانم وەك یەك خوێنیان لەبەر دەرِوات ئەوان ئەو هەموو خوێنەی سەر رِووخساری شکاوم نابینن, من قسەیەکم نابێت بـۆ ئەوان هێندە نەبێت دەبێت ئەوان ئـەوە بـزانن ئـەمجارەیان جانتاکـەم هـەرگیز چـەند پـانتۆڵ وکتێـبو چـەند دەستنووسێکی تیانییە بەڵکو ئەمجارەیان جانتاکـەم پـرِە لەخـەونی هاورِێکـانم خـەونی ئـەوان بـەکۆڵما دەدەم تەنانەت خەونی ئەو کچە قژخورمایەش وەك خەونی ئەوان دەکەمە کـۆڵمو ئەگـەر قـەدەری سـیزیف قـەدەری بەردێك بوو ئەوە بەدڵنیایەوە قەدەری منیش جانتایەك دەبێ پرِ لە خەونی هاورِێکانم, بەڵام دەبێ ئەوەشیان بـیر نەچێت کاتێ دەمەوێ جانتاکەم بکەمە شان وپەنجەکانم توانای هەڵگرتنی جانتاکەیان نییە هۆیەکـەی ئەوەیـە من پەنجەکانی دەسـتی رِاسـتم لـەناو پەنجـەی ئـەوان لـەکاتی تەوقـەکردن بـەجێ مـاوە, ئەوکاتـەی شـەوان بەسەرخۆشی دەگەرِێمەوە وتوانای بینینم کزە هۆیەکەی هێندە رِوونە من چاوێکم لای ئـەوان بـەجێ هێشـتووە, کاتێ قاچەکانم بە دوای خۆشما نایەن ئیدیی من خاوەنی یەك قاچم قاچێکم هێشـتا لـە پیاسـەیەکی ئێوارەیـە لەگەڵ ئەوان, ئەوان ئەگەر بیانەوێ من بۆ ئەبەد لە لایان بمێنمەوە دەبێ ئەوە بزانن خوایەك چۆتە ناو رِۆحمو‌پێم دەڵێ "ژیان جگە لەدڵ شکانی تۆ شتێکی ترنییە" بۆیە من تکام لێیـان ئەوەیـە بۆئـەوەی لـەلایان بمێنمـەوە تکایان لێ دەکەمو لە بەریان دەپارِێمەوە "کە ئەوخوایە لەرِۆحما دەربێنن"

تکایە کەس پێی نەلێت ئەمجارە خۆم پێی دەلێم

ئەو کاتەی زنجیرەی دۆبلاژکراوی"گۆدەلۆپی"کەوتە سەر شاشەی tvەکان, ئیدیی هەمووو کوڕەکان خەونیان بەگۆدەلۆپیەکەوە دەبینی هاکەلە شەقامێکدا ڕێکەوتی بکەن, کژەکانیئەم ولاّتە, مەبەستم ئەو کچانەیە کەلەجوانیدا ناخۆشیان کردووە, وەك ئەوەی مەکروو نازکردنی خۆیان کەم بوو تاوەکو فێری گەمەکانی گۆدەلۆپیش بوون و خای هەموومان کردیی, بەهۆی فلمی "تایتانیك" ەوەئەمجارە گەمەکە گۆرا, کوڕە خوێندکارەکان چونکە جورئەتی ئەوەیان نەدەکردڕەسمی کچەکانی هاوڕێیان لە لیڤاکسەکانیان بدەن, بۆیە پەنایان دەبردە بەر وێنەی"جاك" یان لەناو دەفتەری موحاغزەڕاتەکانیان دادەنا, لەبەر ئەوەی ئەو گەمە شەرمنۆکانەی کچان و کوڕان بەسەرچوون نامەوێ بەهیچ جۆرێك لەسەریان بووەستم, بەڵکو ئەوەی لیسرەدا جێگەی مەبەست بێت, گۆرانی "پێی بڵێن" یهونەرمەند زیاد ئەسعەدە هەر کەلەشەقامی مەولەوی تێدەپەڕی ووکانی شەربەت فرۆش و سەعات فرۆش و کارت فرۆشی مۆبایل و تا دەگەیتە هەر دووکان و کۆلانێك گوێت لەدەنگی ئەو گۆرانییەیە, دەبێت نهێنیەکە لەچیدا بێت؟ ئایا ئەو هەمووپیاسەی کوڕان و کچان بەیەکەوەو دانیشتن لە کافتریاو ئەو هەموو وەحدە سەرف کردنەیمۆبایلی کوڕان, هێشتاکە کەسمان جورئەتی ئەوەمان نەکردوە بەهاورێ بەنازەکەمان بلێین کەئیدیی من عاشقی تۆبوومەو تۆش چیتر ئیهمالم مەکە, یاخد جورئەت ناکەین و باشترین چارەسەر ئەوەیە کەگوێمان لەگۆرانیەکە دەبێت لەدووکانی شەربەت فرۆشێك و بەکچەکەی هاوڕێمان دەڵێین " بابچین شەربەتێك بخۆینەوە" هەتر کەدەچینە شەربەتخانەکە دەبینین ژمارەمان زۆرە ئەو کوڕانەی لەبەردەم پەرداخی شەربەتەکە لەبەر خۆمانەوە دەڵێین " پێ بلێن.. هەموو دونیا پێی بلێن.." هەموو کچەکان پێکرا بەنازێکەوە خەندە دەیان گرێت وئێمەی ترسنۆکیش لەدڵی خۆمان دەڵێین" بڵێی کەی تێم بگات..بڵێی کەی جورئەت بکەم پێی بڵێم" بۆیەمن بۆخۆم بڕیارمداوە ئەمجارەیان لەبەردەم هەردوکانێك گوێم لەو گۆرانیە بوو, جا خوای دەکرد لەسەروو پێخانەیەك گوێم لێی دەبوو, هەر لەوێ پێی دەڵێم و و چیتر پ4ێویستم بەوە نابێت هەموو عالەم پێی بلێن "عاشقتم شێت و سەرگەردان چاوە ڕێمە ڕۆژێك بێیت لە کوچەو کۆلاّن" چونکە من ئیدی لە عاشقی دەرچوومەو شێتیەتیم بۆتۆ گەیشتۆتە ڕادەی پەرستن و دەنگێك اەناوما هاوار دەکات " ئەی خودا چی لە عەشقی بەنەیەکی گوناهباری خۆت دەکەیت"

## عەشق و خۆکوشتن

ئەوپەیوەندیەی کەوتۆتەنێوان عەشق و خۆکوشتن هەرگیز لەوێوە سەرچاوەی نەگرتووەکە کلتووریی کوردیی کۆتایی عەشقی وابەستە کردووەبەمەرگ, وەك لە حیکایەتە مێژوویەکانمان دەردەکەوێت, کە عاشقەکان کاتێ بۆیەك نابن قەدەری خۆکوشتن هەڵدەبژێرن, چونکەلەو رۆژگارەی ئێستامان قسەکردنمان لەو پەیوەندیە تەواو جیاوازە, ئیدییخۆکوشتن ئەو مانا ئەفسانەییەی نییە کە بەدوای هەڵدێرانی سیامەند لەسیپان خەج ژیانی ناوێت وئەویش خۆی فرێ دەداتەباوەشی سیامەندبۆ مەرگ, بەڵکو بۆ ئەو نەوە نوێیە..ئەو نەوەیەی لەناو نارێکی و ناحاڵێبوون دەژییێت, نەك تەنیا لەگەڵ دنیای دەسەلاّتەکان, بەڵکو لەناو دنیاکەی خۆشیدا, کەئیدیی خۆکوشتن بەلایەوە ترسێکە, ترس لەوەی لەدرکاندنی ئەو نهێنیە ببێت بە پچرانی هاوڕێیەتیش, ئەو دوورکەوتنەوەیە لەیەکتریبۆ هەر گەنجێك جۆرێکە لەخۆکوشتن, کەهیچ مانایەك بۆ ژیان ناهێڵێتەوە, بۆیە دەکرێ بەدوای ئەو دوورکەوتنەوەیە بەتارماییەکەی ناوخۆی بڵێت"من لەترسی لێك جیابوونەوەو

پچڕانیهاوڕێیەتیجورئەتی ئەوەم نەدەکرد پێت بلێم, ئاخر ژیان لـە بـێ تـۆیی هەولێکـە بـۆ بیرکردنـەوە لـە خۆکوشتن"

بۆیە خۆکوشتن لەو کاتەدا خاوەنی وێنەیەکی زهنییـە , نـەك ڕووداوێکـی تراژیـدیی, جیـاوازیی ئـەو وێنەیـە لەتراژیدیا لەوەدایە , لەتراژیدیادا خۆکوشتن دەبێ بەڕووداو یان حیکایەت, هەرچی لـەناو وێنـە زهنیەکەدایـە خۆکوشـتن وێنەیـەکی فانتازییـە و بارگـاوی دەکرێـت بـە دەلالـەتی ئیسـتاتیکیەوە, بۆیـە ئـەوە وێنەیـەکی بەرجەستەکراوی تراژیدیی نییە , بەڵکو وێنەیەکی زهنی نێو خەیاڵە کەتەئویلی پچڕانیهاوڕێیەتی بەوە دەکات کەمن بە قژی تۆلەخاچ دەدرێم, ئەوەشیان تاکە مردنیقبوولٌ کراوە, کەبەقـژی تـۆ لـەخاچ بـدرێم, بـۆ ئـەوەی مەسیح ئاسا بەسەر جەستەو قژیخاچتەوە یەزدان ئاسا هانات بۆبێنم"خوایە بۆ بەتەنها بەجێت هێشتم"

## کاتێ زانکۆدادەخرێ..!

ئەو کاتەی تاقیکردنەوەکانیساڵ کۆتایی دێت ودەرگای زانکۆدادەخرێ, ئەوەتەنیادایکانوباوکانن خۆشحاڵ دەبن بەوەی منداڵەکانیان بەبەرهەمی ساڵێك دەگەنودواتر خوێندن تەواو دەکەنودادەمەزرێن, دەنـا بـەهیچ جۆرێـك خوێندکاران خۆیان بەو داخستننەی زانکۆ خۆشحاڵ نابن, چونکەئەو کارە دەبێتە هۆی ئـەوەی هەمووبەیانیـەك خۆشەویستەکانیان نەبینن, بۆیە پێویستە ئێمە ئەوەمان بیر نەچێت زانکۆکانی ئێمە کاتێ نەیان توانیوە دەرگا لەمەعریفەبکەنەوە, بەلاّم بوونەتە هۆیئەوەی گەنج بتوانێ خۆشەویستەکەی تیـا ببینێتوبەیەکـەوە پیاسـەی تیابکەنوقاوەیەك بەیەکەوەبخۆنەوە, بەلاّم کاتێ زانکۆدادەخرێ ئەو دەرفەتی پێکەوە بوونەی ڕۆژان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی پشووی هاوین, بەتایبەت بۆ ئەو گەنجانـەی نـەیانتوانیوە تـا ئـەو دەرفەتـە کچـێك دەسـت نیشـان بکەنویاخود جورئەتی ئەوەیان نە بووە بە هاوڕێیەکەیان بلێن کە خۆشـی دەوێـت, خۆئەگـەر ئەوکەسـەی کـە بیەوێ پێـی بلێتوبۆنەگبـەتیژمارەی مۆبـایلی خۆشەویسـتەکەی نـەزانێت ئـەوە گـەورەترین کەرەسـاتە تـا پایزوودەست پێکردنەوەی خوێندن,بەلاّم ئەوەی لەهـەمووی سـەیرترە کـاتێ لەگـەل داخسـتنی دەرگـای زانکـۆ لەهاوینێکی گەرمدا لەشەقامێکدا ڕێکەوتی هاوڕێکـەت دەکـەیتو دوای ئـەحواڵ پرسـینێکی هاوڕێیانـەی پڕلەشەرم, کەبەنازیکی پەپولەیەك بەسەر شۆستەکە دەڕوات, و تۆش بەبیانووی کڕینـی کـارتی مۆبایـل لـە دوکانێك دەوەستیتودواتر هەرلەوێ تەلەفۆنێکی بۆ دەکەیتوبەدەنگێك کەپڕلەشەرم دەڵێیت(ببورە ئەوە مـنم بیرم نەبوو پێت بلێم, ئەوە بەوهاوینە گەرمە تۆ بۆچی قژت لەباران دەچێت..!)

## فەریدە چاوڕەش

ئەوەیان ڕێکەوتێکی سەیر نەبوو ئەو کاتەی مۆدیلی گۆرانی "بۆ تۆنەماوم فەریـدە..دەبـڕۆ وازبێنـە فەریـدەی چاوڕەش"بوو, ئەو دەمە ژنێك ماڵی لەکۆلاّنەکەی ئێمە بوو ناوی فەریدە بوو نازانم ئەوەشیان ڕێکەوت بوو یان دەستی ئەنقەست هەموو گەڕەك بە فەریدە چاوڕەش ناویان دەبرد , شەوان ئێمەی کوڕە هەرزەکارەکانی گەڕەك لە کۆلان کۆ دەبووینەوە بە مەسینەیەکەوە تا قوڕگمان خوێنی لێ دەهات ئەو گۆرانییەمان دەوتەوە, یەك لە یەکی وەردەگرتەوە, پێش ئەوەی بلاّوەشی لێ بکەین بەزمی هەلّپـەرکێ گـەرم دەبـوو, مـن بـەو پێیـەی هـەمووژیانم

نەزانیوومە تەپڵ لێبدەم وەنە چوومەتە ناو هیچ شاییەکەوە, لەناو ئەو حەشاماتە بێدەنگ دەبووم..خەیاڵ دەیبردمەوە" فەریدە چاوڕەش دەهاتە بەر دەرگاو بانگی دەکردم و دەیبردمەوەژووری نوستن,عاشقانە پەلاماری جلەکانمی دەدا..." ئەو خەیاڵە ئەفسوس نەبوو, ئەگەر چی ئەو کاتە بەر دەرگای ماڵی ئەوان لەبەر سەیارەی پیاوانی ئەمن ومەفرەزەی تەواریی بەر ئێمە نەدەکەوت, بەلاّم زۆر جار یەکێکمانیهەلدەبژارد, بە تایبەت ئەو کوڕانەیگومانی سیاسەتیان لەسەر بوو, بیرمە بۆ ماوەی دە ڕۆژهەموو شەوێك(حەمەکەپوو کوترای) دەبردەوەژووریٚ, تا بەرەبەیانێك هەموو ماڵەوەیان لە ئەمنی شیمالی خۆیان دۆزییەوە, هی وەکو منیشی تیا بوو هەموو تەمەنی یەك جار حەوشەو ژووریی نووستن و نێو نوێنی فەریدەی دەبینیو بەیانی بەر لە هەلسانیمن کە گوێیلە کاسێتە تۆمار کراوەکەی شەو دەگرت ئەوسا تێدەگەیشت بەرەڵای وەك من پیاوی سیاسەت نییە وهیچ خێرێکم لی ناکات, بۆیە بە تاکە نەعلێك لە خەو ڕایدەپەراندم دەیووت " هەستە سەگباب جلەکانت لەبەرکەو جارێکی تر بەبەر ئەو دەرگایەدا بێیتەوە بەرەفیق (ئەبوقائید)دەڵێم لەژێر کێبل بتکوژیٚ"

دوای ڕاپەرین کاتیٚ هەمووشتەکان گۆڕان فەریدە چاوڕەش سوێندی خواردئەوەی یەك ڕۆژ بەعسی بووبێت نەیەڵێت بێتە نێونوێنەکەیەوەو ڕێك بە پێچەوانەی هەندێك سەرکردەو بەرپرسی نێو حزبەکان, کەنەیان توانی پەیوەندیی بە بەعسەوە بپچڕێنن, ئێستا ئەو ژنە کەتاقەتی بەزمی نێو نوێنی نەماوە, بەلاّم لە خوا بەزیادبێت وجاغیڕوونە وهەردووکچەکەی خوا ڕوویان سپی بکات و لەسایەی سەری بەرپرسی حزبەکان شوێنی دایکیان گرتۆتەوە, حەز دەکەم هەر بەخەیاڵی هەرزەکاری, بەڵام بە جورئەتی خۆم نا, بەڵکو بە نێرە کەریی دارا شیت, مەسینە سوورەبۆن میزاویەکەی ژیر پیسایەکەی ئاودەست بخەمە ژیرهەنگلمەوە وهەر ئەمشەو برۆمەوە کۆلانەکەی ئەوان ولەبەردەرگای ماڵی ئەوان تاخوێن لە قوڕگ ولووت وگوێم بەر دەبێت بگریم وگۆرانی بڵێم"

بۆتۆ نەماوم فەریدە" ئەو کاتەی ئەو دێتە دەرەوەو بەتوڕەبوونی ئەو نەعلەی بەیانیەك لەپشتەڕووتەکەمیدا تێم ڕادەمێنیٚ, دەیەویٚ پێم بلێت کەمن گەورەبوومەو ئەویش پیربووە, حەزدەکات وەك جاران هەرەشەم لیٚ بکات, بەڵام ئەمجارەیان بە ئەندام پەرلەمانێك یان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی, من دەڵێم فەریدە چاوڕەش توڕە مەبە, خۆت زیزمەکە..خوات ئەتگریٚ, من نامەویٚ جارێکی دیی لەو دەرگایەبێمە ژووریٚ, تەنیا هێندەت پیٚ دەڵێم تۆلەوانە بە شەرەفتری کەدەتەویٚمنی پیٚ بترسێنیت,بمبوورە حەقی خۆتە بڕوا نەکەیت کەتۆ بەشەرەفترین سیاسی ئێمە یت"

ئیمزا

ئیمیزا ئینتیماکردنی خودە بۆ دیدو ئایدیایەکی دەست نیشان کراو, ئینتیمایەك وابەستە بوونە بە پڕکردنەوەی فۆڕمێك, ئەوەش توانەوەی دەنگی منە لەناودەنگەکانی تردا, بۆیە لە عێراقی بەعسیزمدا ئیمزا ئەو پردە بوو بۆئەوەی بە ئومێدوداهاتوو بگەیت, دەبیٚ ئیمزا بۆ بەعس بکەیت.

ئیمزا نەکردن مانای بێبەش بوون لەهەموو ئەوانەی تۆ دەتەویٚ, بەلاّم چەند بێمانایە تۆ ئیمزای بەعسی بوونت نەکردبێتو دڵی حزبی کوردیت بۆ ڕۆژێکیش بێت خۆش نەکردبێت, کەچی بچیە بەردەم سندوقەکانی هەڵبژاردن بلێیت: ئەوەتە من ئیمزات بۆ دەکەمو دەنگت پیٚ دەدەم.

نا ناکریٚ بەو ئیمزایە ئەوانە خۆشحاڵ بکەین, کەخەونیان کوشتو بەشداربوون لە درێژکردنەوەی تراژیدیا, بۆیە ئەو ئیمزایە جوانترین دەرفەتە بۆمن تا فۆڕمە بەتاڵەکەت پڕبکەمەوەو بنووسم: هەموو هەواڵەکان درۆن,

من نەرۆژێك بەربەست بووم لەبەردەم تێكەڵ بوونەوەی دیجلەو فورات و نە رۆژێك پێم ناخۆش بووە كوڕانی گەڕەكی ئەودیو كچانی گەڕەكی ئەودیو بێنن, ئەوە درۆیەكەو ڕەشەبایەكی ئەودیو شاخەكانی بەفر هێناویانەو لێرە دایانناوە, ئامادەم بمبەیتە دادگای(لاهای)و شایەدحاڵەكان با بێن, تا بێتاوانی منت بۆ دەردەكەوێت, ئەگەر تاوانباریش بووم وهەر لەوێ سووك و ڕسوام بكە.

گەر واش نەبوو پەیماننامەی ئەبەدیی عەشقم پێ پڕكەوەو ئیمزای دەكەم, كەتامردن لە تۆ زیاتر هەموو دنیا كوڕ بێتو تەنها تۆ كچ بێت.

ئەی پەپوولە.. ئەوە پەنجەم, گەر ئەو زەمەنە نایەڵێت فریای قەڵەمەكان بكەویت, ئەوە پەنجە مۆرم و بیبە چی پێ ئیمزا دەكەیت بیكە, ئەوەتە ئیدیی من شووشەی شەرابو وێسكیو جنەكان دەشكێنم, بەخاوەن مەیخانەكان دەڵێم:"گرانتسو بلاك جاكو شەبقەكان" بۆخۆتو سەرخۆشەكانت, عەشقی ئەبەدیی بێ مەست بوونیش بۆمن, پەپولە نازكەكە عەشقی تۆ پێویستی بەشەراب نیە عەشقی تۆ دنیایەكە لەمەستی, قاوەیەك لەگەڵ تۆ گەورەترین مەست بوونە, ئیدیی چ پێویستم بەشەرابە, نا من ئیدیی ئیمزای دەكەم كە تامردن تۆبە بكەم, تۆبەكردن بۆ ئاسمان نا, بۆتۆو لەبەردەم عەرشی تۆدا, ڕێك وەك تۆبەكردنی ئیمانداریكی سەر بەرماڵ كەهاوار بۆ یەزدان دەكات كەلێی قبوولْ بكات, دەتۆش لەمنی قەبوولْ كە ئەی خودا"ئیمزای بۆ عەشقی ئەبەدیت دەكەم و دەنگت پێ دەدەم, كە دەنگی من شتێك نییە, جگە لەتوانەوە لەناو دەنگی تۆدا, بۆ دامەزراندنی دەنگی ئێمە, نەك دەنگی من یان تۆ, دەتۆش بە —ئێمە-بوون, زەمەنی بێدەنگی بكوژە"ئامین..خوایە قەبوولێكەی!

دوا ستون

من دان بەوەدا دەنێم نەنووسین ئەو پرۆسە سادەیەیە كەمن بەم زمانە سادەیە پەنای ببەمە بەروو, وەنە من ئەو تواناو سەلیقەیەم ماوە بۆ نووسین كە بەچەند مانگێك لێكۆڵینەوەیەك بنووسم, ئەگەر چی هەندێك لە هاوڕێكانم پێیان وایە ئەوەیان بێزاریەكی كاتیەو ماوەیەكی تر دێمەوە سەر ڕیتم, ئەوان نازانن ئەوە بۆ شەش مانگیش دەچێت من بەرگی كتێبێكم نەدیووە, هەندێك لەوان تامەزرۆی ئەوەن هۆكاری ئەو بێزاریەم بزانن كەمن هیوام وایە دوای ئەو ووتارەم ئەوان واز لەو هۆكارە بێنن و خۆیان بەمەسەلەی واتافیهو بێمانا خەریك نەكەن.

من لەوان باشتر لەبیرمە دەزانم رۆژانێك هەموومان خەونمان هەبوو چەندین شەو بەدیار كتێبێكەوە كۆ دەبووینەوە, بەلاّم ئەو كاتەی ئیدی ڕێكەوتەكان وایان لێ هات من لەوان دوور بكەومەوەو هەندێك لەوان ژن بێنن و هەندێكیش كەلەژیانیان نەیان توانی عاشق بن دواجار كەوتنە عەشقی خانمێكەوە, ئەوانەی ماڵ ومناڵیشیان هەبوو فێری شەوانی مەستی یانەكان بوون, ئێستاشی لەگەڵ دابێت ژنەكانیان واتێدەگەن من مێردەكانیانك فێری خواردنەوە كردووەلەگەڵ هەموو ئەوانەشدا, بەلاّم هەموویان بەگەرمی جارانەوە خەریكی نووسینن , یان دەیانەوێ وا نیشان بدەن هەرچۆنێك بێت من هیوام وایە ئەوان وەك من وەڕس نەبووبن لەژیان,

**هەڵبەت بۆ من مەسەلەکە تەواو جیاوازە من نە توانیم بڕیاری ژنهێنان بدەم ونەتاسەر توانیم عەشقی کچێك بکەم بە کۆتایی ڕێگاکان ئەوکاتەی بڕیاری ئەوەشمدا کەوابم, هیچ شتێك بەویستی من نەبوو ئاخر من هەموو تەمەنم ترسی ئەوەم هەبوو کچێك بیەوێ هەموو مەکرە ژنانەکانی بەمن بفرۆشێت و دواتر خۆی لە هەموو شتێك بێلایەن بکات وڕووبەرووی هەڵەی بەر پرسیاریەتیم بکاتەوە من کەلەهەموو تەمەنم خۆم لەهیچ شتێك بەبەر پرسیار نەزانیووە, ئێستاش بەر پرسیار نیم لەوانەی ڕوودەدەن, پەشیمان نیم لەناسینی تۆ بەلاّم دڵنیام بیرکردنەوە لەکچێك تاسەر جگە لەگێلیەتی هیچی تر ناگەیەنێت, بۆیە بۆ ئەوەی کیلۆنی دەرگاکانی عەشق بۆ ئەبەد دابخەین پێویستمان بەووزەیەکی گەورە دەبێت بۆ درۆ کردن وپیسی , پیسی خەیاڵ و شێواندنی وێنە ڕاستەقینەکان وبارگاوی کردنیان بە دنیایەك وەهم و نەخۆشی زاتی, ئەوەش وامان لێدەکات بیر لە هیچ شتێك نەکەینەوە جگە لەبیر کردنەوە لەئارەزووە ساتە وەختیەکان, ببورن هاورێیان من دەزانم رۆژانێك خەونی نووسینمان هەبوو خەونی قسەکردن لەدنیایەکی داپۆشراو بەحەرامی سیاسەت و ئاین و سێکس و عەشق, بەلاّم ئێستا خەریکە شتێك نامێنێت پێی بلێین خەون, هاورێیان تکام وایە لە حەقیقەتی ئەو هەموو نازکردنەی یار بەسەر پیاسەیەکی دەمەو ئێواران تێبگەن , کەئومێدێکت پێ دەدات و دواتر بەنازێکەوە دەڵێت "بابەیەکەوە لەسەر شەقام نەرۆین دوایی سەگ و گورگ قسەمان لەسەر دەکەن" من دەمەوێت بیرۆکەی ئەو نووسینە بۆ هاورێیەك باس بکەم کەچی ئەو سی دی یەك دەخاتە سەر کۆمپیوتەرەکە ودەڵێت دەنگی گۆرانی بێژەکە پەیامێکی تری منە بۆ هاورێکانم کاتێ گۆرانی بێژەکە پربە دنیا هاواردەکات "پێی بلێن.. هەموو عالەم پێی بلێن , هەموودونیا پێ بلّێن, پێی بلێن عاشقت بووم شێت و سەرگەردان چاوەرێمە شەو رۆژلە کوچەو کۆلاّن"**